# با ژیانمان جوان کەین بە لێبوردن

## فالنجعل حیاتنا جمیلة بالتسامح

لێبوردەیی بەهایەکی گەورەی ئینسانیو بنەمایەکی گرنگە لەروانگەی شەریعەتەوە، کە بریتیە لەنیەتپاکیو نیشاندانی هەستی خێرو ڕێزگرتنی بەرامبەر لە مامەڵەو هەڵسوکەوتدا، خوای گەورە دەفەرموێ: (فَاصْفَحِ الصَّفْحَ الْجَمِيلَ) الحجر: ٨٥.

لەساڵی ١٩٩٢ وەوە ساڵانە نەتەوە یەکگرتوەکان ڕۆژی ١١/١٦ یان داناوە بە ڕۆژی لێبوردەیی جیهانی، لەم ڕۆژەدا چەندین چالاکی جۆراو جۆر ئەنجام دەدەن، کە هەر کارێك بکرێت بەم ئاراستەوە جێگەی سوپاسە، بەڵام ئێمە وەکو موسڵمان زیاتر لە هەر کەسو ناوەندێکی تر ئەبێت پاڵپشت بە دەقە قورئانیەکانو بە چاوخشاندن بە ژیانی پڕ لێبوردەیی پێغەمبەرەکەمانەوە هەوڵ بدەین لە ڕێگەی تەساموحەوە ژیان جوانترو دڵەکان ئاسودەترو برایەتیمان بەهێزتر بکەین، تەنها بە روحی تەساموح ژیان جوان دەبێت، وەهەر کۆمەڵگایەکیش گیانی لێبوردەییو چاوپۆشی لەنێو شارستانیەتو ڕۆشنبیری ڕۆژانەی دا نەبوو، ئەم کۆمەڵگایە بەرەو لەناوچوون و کوێرەوەری دەچێت.

باوەڕداران: هەروەك خوای گەورە خۆی لێبوردەیە کە دەفەرموێت: (إِنَّ اللَّهَ كَانَ عَفُوًّا غَفُورًا) سورة النساء:٤٣. یان دەفەرموێت: (وَلَوْ يُؤَاخِذُ اللَّهُ النَّاسَ بِظُلْمِهِمْ مَا تَرَكَ عَلَيْهَا مِنْ دَابَّةٍ وَلَكِنْ يُؤَخِّرُهُمْ إِلَى أَجَلٍ مُسَمًّى فَإِذَا جَاءَ أَجَلُهُمْ لَا يَسْتَأْخِرُونَ سَاعَةً وَلَا يَسْتَقْدِمُونَ ) النحل:٦١.

خوای گەورە لە قورئانی پیرۆز لە چەندین شوێنەوە ئەمرمان پێ دەکات کە لێبوردە بین، هەروەك فەرمانی بە پێغەمبەرەکەمان کردوە، کە بەرامبەر بێباوەڕان لێبوردە بێت چ جای موسڵمانان بەتایبەت کاتێك پێغەمبەری خوا لە گەلەکەی تورە دەبێت ڕوودەکاتە خودای گەورە دەفەرمویت: (یا رب إن هؤلاء قوم لا یؤمنون ) ئەمانە باوەڕ ناهێنن، خودا پێی دەفەرموێت: (فَاصْفَحْ عَنْهُمْ وَقُلْ سَلَامٌ فَسَوْفَ يَعْلَمُونَ) الزخرف:٨٩، واتە: تۆ دەبێت هەمیشە بیان بوریت تا ڕۆژێك دێت تێدەگەنو حاڵی دەبن.

یان دەفەرموێت: (وَلَا تَسْتَوِي الْحَسَنَةُ وَلَا السَّيِّئَةُ ادْفَعْ بِالَّتِي هِيَ أَحْسَنُ) فصلت: ٣٤. بۆیە ئەوانەی لێبوردەن هەمیشە ئاسودەترن بە بەراورد لەگەڵ ئەوانەی ڕقو کینە لەناخ و دەروونیان کۆبۆتەوەو هەستی لێبوردەییان لا نەماوە، بگرە زانست ئەوەشی سەلماندووە، کە ئەوانەی لێبوردەن تەمەنیان درێژترەو دوورن لە نەخۆشیە کۆمەڵایەتیو دەروونیەکان لە دونیادا، وە لە قیامەتیش تەنها ئەوە بە کەڵکی مرۆۆ دێت، کە دڵێکی پاك و پڕ لێبوردەو سەلیم بەشی بێت، وەك خوای گەورە دەفەرموێ: (يَوْمَ لَا يَنْفَعُ مَالٌ وَلَا بَنُونَ، إِلَّا مَنْ أَتَى اللَّهَ بِقَلْبٍ سَلِيمٍ) الشعراء: ٨٨-٨٩.

هەروەك بە مەدحەوە باس لە لێبوردەیی پێغەمبەر (درودی خوای لەسەر بێت) دەکات کە دەفەرموێت: (فَبِمَا رَحْمَةٍ مِنَ اللَّهِ لِنْتَ لَهُمْ وَلَوْ كُنْتَ فَظًّا غَلِيظَ الْقَلْبِ لَانْفَضُّوا مِنْ حَوْلِكَ فَاعْفُ عَنْهُمْ وَاسْتَغْفِرْ لَهُمْ وَشَاوِرْهُمْ فِي الْأَمْرِ فَإِذَا عَزَمْتَ فَتَوَكَّلْ عَلَى اللَّهِ إِنَّ اللَّهَ يُحِبُّ الْمُتَوَكِّلِينَ) آل عمران: ١٥٩. لەم ئایەتە پیرۆزەدا زۆر بەڕوونی باس لەوە دەکات کەوا ئەگەر

پێغەمبەر وا لێبوردە نەبوایە هەمیشە ئەم هەموو خەڵکەی لە دەوری کۆ نەدەبونەوە، کە ئەم ئەخلاقو رەوشتە جوانەی پێغەمبەر ئەبێت هەمیشە لەبەرچاوی موسڵمانان بێت بەتایبەت زانایانی ئاینی، بۆ ئەوەی خەڵك لە دەوریان کۆ ببێتەوەو نوری هیدایەتیان لێوەر بگرن نەوەك نەفرینیان لیٚ بکەن.

لێبوردەیی و عەفوو خۆی وایە دوای کاری نەشیاو و نامۆ دێت، مرۆڤی باوەڕدار نەك تەنها لێخۆش بوو و میهرەبانە، بەڵکو هەوڵ دەدات بەردەوام لاپەڕەیەکی سپی هەڵداتەوەو شتەکان لەدەوورونی خۆی دەرکات، چونکە ئەمە خێری دونیاو دوا رۆژی تێدایە، خوای گەورە دەفەرموێ: ﴿وَإِنْ تَعْفُوا وَتَصْفَحُوا وَتَغْفِرُوا فَإِنَّ اللَّهَ غَفُورٌ رَحِيمٌ﴾ التغابن: ١٤. یاخود دەفەرموێ: ﴿وَأَنْ تَعْفُوا أَقْرَبُ لِلتَّقْوَى وَلَا تَنْسَوُا الْفَضْلَ بَيْنَكُمْ إِنَّ اللَّهَ بِمَا تَعْمَلُونَ بَصِيرٌ﴾ البقرة: ٢٣٧.

خوای گەورە هەمیشە موسڵمانانی هان داوە کە لێبوردەبن و روحی لێبوردەیی لەناخیاندا جێگیر بکەن، هەروەك دەفەرموێت: ﴿فَمَنْ عَفَا وَأَصْلَحَ فَأَجْرُهُ عَلَى اللَّهِ إِنَّهُ لَا يُحِبُّ الظَّالِمِينَ﴾ الشورى: ٤٠. ئەو پاداشتە پلەیەکی گەورەیە بۆ مرۆڤی ئیماندار لە هەردوو دونیادا.

بەرێزان: پێغەمبەری خوداش (درودی خوای لەسەر بێت) هەمیشە هانمان دەدات کە لێبوردە بین بەرامبەر نەفسی خۆمان ئینجا موسڵمانان و ژن و منداڵمان، هەروەك دەفەرموێت: ( رحم الله عبدا سمحا إذا باع، سمحا إذا اشترى، سمحا إذا اقتضى) هانمان دەدات کە لە گەڵ خانەوادەکەمان بەتایبەت هاوسەرکانمان لێبوردە بین.

گیانی لێبورەیی ئەوەندە بەرزە هەموو کەسێك پێی ناگات هەروەك خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿ادْفَعْ بِالَّتِي هِيَ أَحْسَنُ فَإِذَا الَّذِي بَيْنَكَ وَبَيْنَهُ عَدَاوَةٌ كَأَنَّهُ وَلِيٌّ حَمِيمٌ، وَمَا يُلَقَّاهَا إِلَّا الَّذِينَ صَبَرُوا وَمَا يُلَقَّاهَا إِلَّا ذُو حَظٍّ عَظِيمٍ﴾ فصلت: ٣-٣٥. بۆیە دەبێت هەموومان ئەوە بزانین کە تەساموح مننەت نیە، بەڵکو ئەرك و واجبە لەسەر شانی هەموو تاکێکی کۆمەڵگا کە بیەوێت وەکو مرۆڤ بژیت و پێکەوە هەڵبکەن.

جارێکیان یەهودیەك لە ماڵەکەی خۆیدا نەخۆش کەوتبوو، گوێی لە دەنگی پێغەمبەر بوو کە لە دەرگای ماڵەکەی داو داوای مۆڵەت وەرگرتن دەکات بۆ هاتنە ژوورەوە، ئەویش ئیزنی دا، پێغەمبەر (درودی خوای لەسەر بێت) چووە ژوورەوەو دوعای شیفای بۆ کرد، یەهودیەکە گوتی: ئەی محمد چۆنت زانی نەخۆشم؟ فەرمووی: ئەو پیسایی و شتانەی فرێت دەدایە بەر دەرگای ماڵی من چەند رۆژێکە دیار نەماوە، یەکسەر ئەو یەهودیە دەستی بە گریان کردو سەرسامی ئەو لێبوردەیی و رەوشتە جوانو بەرزەی پێغەمبەر بوو، بۆیە شایەتمانی هێناو موسڵمان بوو.

هەروەها ئەوە هاتووە: کە جارێکیان دوو هاوریٚ بەیەکەوە سەفەر دەکەن یەکێك لەمانە هەر کاتێك هاورێکەی چاکەیەکی لە گەڵ دەکرد لەسەر تاشە بەردێك دەی نووسی چاکەیەکی لەگەڵ کردم، وە هەرکاتێك هەڵەیەکی لە گەڵ دەکرد لەسەر لمو خۆڵ دینووسی هەڵەیەکی لەگەڵ کرد، هاورێکەشی گوتی: بۆ ئەو کارە دەکەیت؟ لەوەڵام گوتی: بۆ ئەوەی چاکەکانت هەمیشە ببێنمەوەو هەڵەکانیشت بای تەساموح لێیان بدات و بیان سرێتەوە.

کەواتە تا دەکریٚ با لێبوردە بین و ئەو هەستو رەوشتە بەرزو گەورەیە لەناخو دەروونو ژیانو ژینگەو فەرهەنگمان رەنگ بداتەوەو لەژێر سایەی فەرمانی خوای گەورە بەردەوام لە هەڵەو کەمو کورِی یەکتر ببورین و ژیانمان بە لێبوردەیی پڕ بکەین لە جوانی.